# "وڵاتێك تەنها بۆ تۆ"

پەسار فایەق
Pasar_pna@yahoo.com



دوای تووڕەبوونی
هەناسەی گەرمت لەم وڵاتە
بەڵێنی دروستکردنی وڵاتێکت پێدەدەم
تەنها بۆ تۆ
وڵاتێکی جوانتر بۆ عەشق
وڵاتێکی جوانتر بۆ ماچ
خۆت داڕێژەری دەستوور و یاسای ئەم وڵاتە بیت
منیش تەنها دروستکەری
گشت وشە و گەڵا زەردەکانم
ماچە پەپولەییەکانت
کە لەسەر جەستەم پیاسە دەکەن
هەموو ساتە تەنیاییەکانی
خۆم و تۆ
وڵاتێکی پێ دەنەخشێنم
لەو وڵاتە قسەی تۆ قسەی خودا بێت
لەوێ دەتوانی مەمکە گەورەکانت
هەرزانتر بە حەزەکانم بفرۆشیت
لێوە پەپولەییەکانت
زیاتر لەسەر لێوەکانم بخەوێنیت
هەناسەت زیاتر لە ناخمدا رابکشێت
بەڵێن بێت
تۆ ڕێگە بە ماچی نێوان پایزو بەهار بدەیت
بەڵێنی بۆ تۆ
لەوێ زیاتر دەتوانی سەیری چاوەکانم بکەیت
منیش زیاتر دەستە باریك و درێژەکانت ماچ دەکەم
وڵاتێك تەنها بۆ تۆ
وڵاتێك تەنها بۆ عەشقی تۆ!!